ئەگەر یەکێکتان چووە خوازبێنی ئافرەتێک، ئەگەر توانی سەیری شتێک بکات کە هانی دەدات بۆئەوەی مارەی بکات؛ ئەوا با سەیری بکات

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان چووە خوازبێنی ئافرەتێک، ئەگەر توانی سەیری شتێک بکات کە هانی دەدات بۆئەوەی مارەی بکات؛ ئەوا با سەیری بکات»، (جابر) دەڵێت: بۆیە چوومە خوازبێنی کچێک، خۆم دەشاردەوە هەتاوەکو ئەوەندەم بینی کە هانم بدات بۆئەوەی مارەی بکەم؛ وهاوسەرگیرم لەگەڵیدا کرد.

[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موستەحەبە -سونەتە- پیاو سەیری ئەو ئافرەتە بکات کە دەیەوێت بچێتە خوازبێنی ومارەی بکات، وسەیرکردنی تەنها دەست ودەموچاو دەگرێتەوە، چونکە ڕووبەڵگەیە لەسەر جوانی یان پێچەوانەکەی، هەردوو دەست بەڵگەن لەسەر قەڵەوی وبەهێزی ولاوازی لاشە، وئەمیش مەزهەبی زۆرینەی زانایانە، ومەرج نییە ئافرەتەکە ڕازی بێت لەسەر ئەم سەیرکردنە بەڵکو بۆی هەیە سەیری بکات ئەگەر بێئاگاش بێت، وبە بێ ئەوەی پێی بڵێت چونکە ئەمە کردەوەی جابری کوڕی عبداللە بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، وئەگەر نەیتوانی سەیری بکات؛ ئەوا دەتوانێت ئافرەتێک بنێرێت کە متمانەی پێدەکات بۆئەوەی سەیری بکات وسیفەتەکانی بۆ بگێڕێتەوە، وئەمە ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی تەبایی وخۆشەویستی لە نێوان هەردوویان، ئەگەر هاوسەرگیریەکە بە زانینەوە بوو ئەوا زۆر جار لە پاشاندا تووشی پەشیمان بوونەوە نابن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58061